له سه‌رچاوه‌یه‌کی ئاگاداراوه له دادگای ئه‌نفال :

## چه‌ند راستکردنه‌ویه‌ک بۆکه‌سێک به‌ناوی نه‌به‌ز گۆران و هه‌موو ئه‌وانه‌ی که‌راستییه‌کان چه‌واشه ده‌که‌ن.

ئێمه له‌و که‌سانه‌ین که به‌رده‌وام پشتیوانی له‌قه‌ڵه‌می ئازاد ده‌که‌ین و پێمان وایه که نوسینی ئازاد و میدیای ئازاد بۆ ئاشکرا کردنی راستیه‌کان باشترین چاودێره به‌سه‌ر ده‌سه‌ڵاته‌وه، به‌ڵام ئه‌وه‌ی له‌م نوسینانه‌ی ئه‌م چه‌ند رۆژه سه‌باره‌ت به‌ته‌رمی ئه‌نفالکراوه‌کانی کوردستان بینرا بریتی بوو له شێواندنی چه‌ند راستیه‌ک به‌و جۆره‌ی که نوسه‌ر ئاره‌زوو ده‌کات به بێ ئه‌وه‌ی هه‌وڵی دابێ راستیه‌کان بزانی .

یه‌کێک له‌وانه نه‌به‌ز ناوێکه به ئاماژه‌دان به‌چاره‌نووسی ئه‌و ته‌رمانه‌ی که له دادگای باڵای تاوانه‌کانی ئه‌نفال وه‌کو دیکۆمێنت به‌کار هاتوون له‌چه‌ند شوێنیکدا وشه‌ی " مه‌تاری هه‌ولێر" وته‌نانه‌ت له ناونیشانه‌که‌شیدا ده‌لێ " له مه‌خزه‌نی مه‌تاری هه‌ولێر هه‌لگیراون" و ده‌ڵێ : " به‌ڵام من دوای هه‌ولێکی زۆر توانیم ئه‌م ته‌رمانه له‌و مه‌خزه‌نه بدۆزمه‌وه و بۆ ئاشکرابونیشیان ئه‌م وتاره بڵاو بکه‌مه‌وه" .

خوینه‌ری به‌رێز: کاک نه‌به‌ز نه هه‌وڵی داوه‌و نه‌ته‌رمه‌کانیشی دۆزیته‌وه و نه ده‌شزانی له کوییه و نه ده‌شزانێ تا ئێستا له روی یاسییه‌وه له ده‌ستی کێدایه.

برای به‌رێز: سه‌رجه‌می نوسینه‌که‌ت هه‌ڵه‌یه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ته‌رمه‌کان له مه‌خزه‌ن نین و و ته‌نانه‌ت له مه‌تاری هه‌ولێریش نین، جگه له‌وه‌ش ته‌رم له مه‌خزه‌ن هه‌لناگیری. ده‌بوایه بتپرسیایه ئه‌و ژوره یان ئه‌و شوێنه‌ی ته‌رمی مردوو یان لاشه‌ی تیا هه‌لده‌گیری ناوی چی یه و پێ ی ده‌لێن چی ئه‌و کاته ده‌تزانی که وشه‌ی مه‌خزه‌ن هه‌ڵه‌یه چ له رووی ئه‌ده‌بی وزانستی یان زمانی رێز گرتن ، چونکه هه‌روه‌کو ئه‌ڵێی " ئه‌وانه گه‌ر له ده‌سه‌لات که‌سیان نه‌بێت ئێمه‌یان هه‌یه"ئه‌و شوێنه‌ی ته‌رمی تێدا هه‌لده‌گیری پێ ده‌لێن " مه‌یتخانه (مۆرگ) و ته‌رم هه‌لناگیری به‌لکو " ده‌پارێزرێت" وه ده‌مانه‌وێت ئه‌وه‌شت پێ بلێیین که ئه‌و شوێنه‌ی ئێستا ئه‌و ته‌رمانه‌ی تێدا پارێزراون له به‌رزترین ستانده‌ره‌کانی مه‌یتخانه‌ی دونیای پزیشکی و ئه‌منی دروست کراوه .

دوای ئه‌وه که ئه‌وه‌نده خۆت به خه‌مخۆری ئه‌نفال و شه‌هیدانی ئه‌نفال ده‌زانی ده‌بوایه له رێگای دادگایه‌که‌وه بتزانیایه که ته‌رمه‌کان زۆربه‌یان خه‌لکی دوکان نین .به‌لکو ناسنامه‌کان که دۆزراونه‌ته‌وه به‌شێکیان خه‌لکی گونده‌کانی ده‌وری دوکانن – ئه‌نفالی یه‌کن که ناکاته دوکان به ته‌نها به‌ڵکو شارباژێر و سیوه‌یلیش ده‌گرێته‌وه و ئه‌نفالی دوو و سی و چواریشی تێدایه. و باشتر وابوو بتوتایه خه‌ڵکی ئه‌نفاله‌کانی یه‌ک و دوو سێ و چوارن چونکه ئه‌وه به ئاشکرا له دادگا بلاوکراوه‌ته‌وه . بۆیه باشتربوو بڵێیت کورده ئه‌نفالکراوه‌کانی کوردستان بێ ئه‌وه‌ی ناوی هیچ ناوچه‌یه‌ک به‌ریت.

خۆ گه‌ر مه‌به‌ستت گرێ دانیه‌تی به‌وه‌ی که ئه‌و ته‌رمانه " خزمه‌کانیان به‌رپرسی بالا" نین له‌م ولاته پێویسته ئه‌وه بزانیت ، که‌ئێمه(له‌دادگای باڵای تاوانه‌کان) باش ئاگادارین وته‌نانه‌ت بۆ ساتێکیش هه‌ستمان نه‌کردوه که به‌رپرسانی حکومه‌ت ( ته‌نانه‌ت کاتی دوو حکومه‌تیه‌که‌ش ) ره‌فزی هیچ داوایه‌کمان که‌ن که په‌یوه‌ست بوبێ بۆ ئه‌نفال و دادگای ئه‌نفال به هه‌مو قۆناغه‌کانی له ئاماده‌کردنی که‌یسه‌که ، لیکولینه‌وه ، هینان و گواستنه‌وه‌ی شایه‌ت ، ئه‌منه‌یتی خه‌بیرانی گۆره به‌کۆمه‌ل و لێکۆله‌ره‌وه بیانیه‌کان ، مه‌سروفاتی هێنان و بردنی شایه‌ته‌کان. ته‌نانه‌ت پاره‌یکی

باشیان سەرف کردوە لەو بوارەدا جگە لە پشتیوانی بێ سنوری مەعنەوی . بە راشکاوانە تر لەوە پێت دەڵێین پشتیوانی و کۆمەکی حکومەتی هەریم نەبوایە دادگای ئەنفال وا سەرکەوتوو نەدەبوو . گەر ویستت راستی ئەم قسانە بزانیت وەرە دەرەوە وبرۆ ناو خەلکەوە بچۆ لە شایەتەکانی مەحکەمەی ئەنفال بپرسە،لە پسپۆرەکانی ئەنفال ' لە ستافی مەتاری سلیمانی و هەولێر بپرسە کە چەند ماندوو بوون و شەو نخونیان بەدیار ئێمە و و شایەتەکانەوە کێشاوە، لە ستافی مەحکەمەی سلێمانی بپرسە ، لە فەرمانبەرەکانی حکومەتی هەرێم بپرسە کە شەو رۆژ لە هەوڵی رێک خستن و بەرێکردنی شایەت دا بوون بۆ بەغدا ، ئەی ئەوانە فەرمانبەری حکومەت نین.

برای بەرێز: پێویستە خەڵک بە ویژدانەوە قسە بکات و بنوسێت، ئەو مەسرەف و هیلاک بوونەی بۆ ئەنفال کراوە دەیان قات لەوەی بۆ شەهیدانی جینۆسایدی بارزانیەکان کراوە ، حکومەت ئەوەندەی گرنگی بەم کەیسەی ئەنفال داوەو پێوەی هیلاک بووە چارەکی ئەوە بۆ کەیسی بەرزانیەکان نەکراوە.

لە بەدواداچون و گەراندنەوەی تەرمەکانیشدا ( ئەو تەرمانەی کە تایبەتن بە دادگاوە) حکومەتی هەرێم لە ئاستی بەرزدا ( سەرۆکی هەرێم و نوسینگەکەی ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزارتی پەیوەندیدار) لەماوەیەکی کورتدا باشترین ئامادەکاریان کرد چ لە رووی دەست و برد چ لە روی مەسروفاتەوە و بەجۆریکی وا شیاو و رێزدارانە تەرمی شەهیدانیان پارستوە بە بۆچونی ئێمە لە ئاستێکدایە کە هیچ ولاتێکی دونیا نیە نەک وەک ئەوەی تۆ دەلێیت " بۆ ماوەی دوو مانگ لە شوێنیکی زۆر خراپ هەلدەگیرین "

. بەلام ئەوەی کە فەرموتە " لەو مەخزەنە دەشارنەوە بی ئەوەی حکومەت لێدوانێک بدات لە بارەیانەوە یان وەزارەتی شەهیدان قسەیەکیان لەسەر بکات " دەڵێین " دادگای ئەنقال هێشتا تەواو نەبووە" ئیتر وەکو رۆژنامە نوس خۆت هەق وایە تێ بگەیت دەلێین چی ئەگەر تێش نەگەیشتیت لە بەشی یاسایی بپرسە ئەگەر لە دەزگاکەتان هەیە.

کاکی نوسەر گەر دەتەوێت پشتیوانی لە ئەنفالکراوەکان و کەس و کاریان بکەیت رێگای تر زۆرە و بە دلنیاییەوە دەیلێن کە ئەم تەعبیرەت هەر راست نیە کە دەلێیت " ئێمە دەزانین بۆچی بەو جۆرە مامەلە لەگەل تەرمەکانیشماندا دەکەن" چونکە دلنیایین کە نایزانیت و هەولیشت نەداوە بیزایت .

کاک نەبەز .. رۆژنامەنوس بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێ دەبێ لێکۆلەرەوەیەکی لێهاتوو بێ تا راستیەکان نەشێوێن و وەک چاودیری دەسەلات حیسابی بۆ بکرێت.کاریکی وامەکە کە گومان لە راستی وشەکانتان بکەین .

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دادگای ئەنفال
2007/6/16